| | |
|---|---|
| **هەڵەبجە** | <br>پشکۆ نەجمەدین |

لەوساوە و تا ئێستا و تا وشە شابالّی فڕینی بمێنێ،
هەڵەبجە شەپۆلی زامداری سیروانە و
بەهاران، ئامبازی ترۆپکی (بالآنبۆ) دەبێت و
لەوێرا نەورۆزێ پێ دەکا و
بڵێسەی ناخیشی سترانێ دەچڕێنێ..
هەڵەبجە وا دەڵێ:
من پۆلەزامێکی زیوینم،
تریفەی مانگێکی ساردوسڕ لە خۆیی پێچام و
پێکەوە مەداری مەرگمان جێهێشت و هەڵفڕین!
فرسەخێ ڕێگامان بڕیبوو،
با هات و جڵەوی ئەسپەکەی لێ گرتین!
دوو فرسەخ ڕێگامان بڕیبوو،
خۆر هات و چاوی خۆی پێ بەخشین!
سێ فرسەخ ڕێگامان بڕیبوو،
شەپۆلە سەوزەکان لە کۆڵیان کردین و
سترانی ژیانیان بۆ چڕین..
زەریاکان، دواوێستگەی سەفەری ئێمە بوون،
لەوساوە بێهودە دێین، دەچین.
بەستێنێ دەستی خۆی ناخاتە نێو دەستی هیوامان،
ئەوینێ پشکۆی خۆی نانێتە نێو کوانووی ئەوینمان.
وا ئێمە سنووری مەرگمان بەزاند و
کەژاوەی ئەم گەشتەش، نەگەیشتە دوورگەی ژین!
ئەم دەنگە،
چریکەی گۆپیتەی لقێک بوو، ئەمێستا قەدی خۆی
جێ هێشتووە و لەنێوان زەوین و ئاسماندا
چەترێکی پەمەیی هەڵداوە!
ئەم تیشکە،
چریسکەی چلچرای ڕۆحێکی ماندوو بوو
ئێستاکە لە بەندی جەستەی خۆی ڕەهایە و
لە سۆمای زەمەندا دەسووتێ و تەنیایە!
ئەم دەنگە:
زایەڵەی تاساوی زەنگێکی لە ژەهرگیراوی مەرگێک بوو
لە دووندی (بالآنبۆ) سەر نەکەوت،

ترۆپکی (شنروێ)ی ماچ نەکرد،
دەستێکی نەخستە سەر شانی (سوورێن) و
نەیتوانی پێنج هەزار وەنەوشە
بە دیاری بۆ باخچەی خوا ببات!
ئەم دەنگە:
ڕەنگینە بە ڕەنگێ
نە ئەوسا کەسێک و نە ئێستاش هیچ کەسێک
دەتوانێ وەکو خۆی ببینێ..
بە ڕەنگێ:
خوێن نییە
خوم نییە
نە زەردەی خوراوا،
نە سیمای تریفە و نە ڕەنگی بەیانە..
ڕەنگێکە:
نە تارای تەماویی (باخی میر(
نە بازرەی تاڤگەکەی (ئەحماوا) و
نە چاوی گڕگرتووی سیروانە!
ئەم ڕەنگە:
نە خوێنی پەنجەکەی شکاوی (تایەربەگ(
نە تاپۆی بەئاستەم بینراوی (خاکوخۆڵ(
نە شێوەی پڕ سیحری گەشتەکەی (گۆران)ە!
ئەم دەنگە:
ڕەنگینە بە ڕەنگی هەڵەبجە و هەڵەبجە و هەڵەبجە!
ئێمە:
شاهێدی هەڵەبجە بوون،
قوربانییەکانی هەڵەبجە بووین،
شمشێری ژەهراویی جەڵادەکانی هەڵەبجە بووین!
ئێمە:
کە پەیڤێکمان بۆ گوتن نەبێ،
چاوێکمان بۆ تێڕامان و هزرێکمان بۆ تێهزرین نەبێ،
دڵێکمان بۆ خۆشەویستی و
میحرابێکمان بۆ سووژدەی ئەشق نەبێ،
ئەقڵێکمان بۆ خوێندنەوەی ئەقڵ و
جورئەتێکمان بۆ دوواندنی مێژوو نەبێ،
جەستەی مێژوومان هەر دەبێ
مەزرای مەزاری هەڵەبجە بێ!
ئەی خودای من!
زۆر پێ دەچێ گوناهبار بم
هەر بۆیە تۆش:
لەبەر ڕەهێڵەی ژەهراویی جەڵاداندا،
لە ژێر خەنجەری خۆێناویی سەری خۆمدا،
وا بەتەنیا بەجێت هێشتم!